گواستنەوەی زستانەی خولی کوردستان تەواو بوو

# یانەکانی هەولێر
# تا چەند سوودیان لێی وەرگرتووە؟



## یانەی هەولێر

یانەی هەولێر بەهۆی قەیرانی دارایی لە سەرەتای ئەم وەرزدا دەستبەرداری گشت ئەستێرەکانی بوو و تەنیا پشتی بە یاریزانە لاوەکانی بەست، لە گواستنەوەی زستانە، یانەی هەولێر تەنیا گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی پێشووی پێشمەرگەی هەولێر (هۆگر حوسێن) مۆرکرد، کە ناوبراو لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و هەروەها گرێبەستی لەگەڵ دوو تا سێ یاریزانی لە لاو لە تیپە میللیەکان مۆرکردووە، کە بە بۆچوونی راهێنەر داهاتوویەکی باشیان دەبێت، لە بەرانبەردا چەند یاریزانێکی لاو لەسەر داوای خۆی یانەی هەولێریان جێهێشت، ئەویش (هەرێم تەحسین)، کە گەڕایەوە تیپی لاوانی یانەی هەولێر و (فەرمان ئیسماعیل، دلێر رەمەزان) و تا ئێستا چارەنووسی یاریزان بەهێز ئەنوەر دیار نییە، چونکە ناوبراو تووشی نەخۆشیەکی کتوپڕ هات، ئەوەش بووە هۆکاری دابڕانی لە مەشقەکانی یانەی هەولێر.

## پێشمەرگەی هەولێر

لە یانەکانی شاری هەولێر پێشمەرگەی هەولێر پشکی شێری گۆڕانکارییەکان بەر کەوتووە، کە چەندین یاریزان لە یانەکە دوورخرانەوە و لە بەرانبەردا گرێبەستیان لەگەڵ چەند یاریزانێکی لاو و پیشەگەر مۆرکردووە.

بەشێوەیەکی فەرمی هەر چوار یاریزانی یانەی بروسك پەیوەندیان بە یانەی پێشمەرگەی هەولێر کردووە ئەویش هەریەکە لە (هێمن عەلی، رێبوار محەمەد، گۆران عیماد، عەبدوڵڵا عەلی پیشەگەری سووری)، هەروەها گرێبەستیان لەگەڵ یاریزانی یانەی هەندرێن (نەوزاد شێرزاد) و یاریزانی یانەی برایەتی (رێبەر چەتۆ سیان) مۆرکردووە، لە بەرانبەردا شەش یاریزانە لە یانەکە دوورخرانەوە ئەویش هەریەکە لە (نێچیرڤان پاشا، شێرزاد محەمەد، ئامانج فەخرەدین، هۆگر حوسێن، ئەحمەد حوسنی (میسر)، مازن)، ئەم یاریزانانە پەیوەندییان بە یانەکانی تری کوردستان کرد.

## یانەی ئارارات

یانەی ئارارات لەگەڵ تەواوبوونی قۆناغی یەکەم، گرێبەستیان لەگەڵ راهێنەرێکی ئێرانی (محەمەد ئەحمەدزادە) مۆرکرد بۆ ئەوەی تیپەکە لەم قەیرانە خراپی ئەنجامەکان رزگار بکات لەگەڵ گەیشتنی راهێنەری ناوبراو یانەی ئارارات گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێك مۆرکردووە ئەویش هەریەکە لە (نێچیرڤان پاشا، هەندرێن عەلی، ئامانج فەخرەدین، هیشام هادی)، هەروەها یانەی ئارارات دەستبەرداری هەریەکە لە یاریزانان (شوان فەلاح، مەحمود ئەمیر، هێمن عەلی، بژار شاکر) بوو.

## یانەی برایەتی

یانەی برایەتی لە رووی مۆرکردنی گرێبەست تەنیا سوودیان لە دوو یاریزانی لاو وەرگرتووە و هاتوونە یانەکە ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (رێبوار ئەحمەد، سەفین مەنسور) لە بەرانبەردا یانەکە بەفەرمی دەستبەرداری چوار یاریزان بووینە، ئەویش (حەیدەر کەریم، رێبەر چەتۆ سیان، ئاکۆ محەمەد، رێکان دەروێش)، بۆ قۆناغی دووەم یانەی برایەتی پارێزگاری لە پێکهاتەکەی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی باش لەم قۆناغە بە دەستبهێنێت.

## یانەی هەندرێن

یانەی هەندرێن تاکە یانەیە لەم گواستنەوەیە سوودی وەرنەگرتووە و گرێبەستی لەگەڵ هیچ یاریزانێك مۆرنەکردووە، هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی هەولێر کارزان عەبدوڵڵا مۆرکرد، بەڵام ناوبراو سزایەکی کارگێڕی لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەسەرە، کە ناتوانێت بۆ ماوەی ٢ ساڵ یاری بۆ هیچ یانەیەك ئەنجام بدات بۆیە هەندرێن ناتوانێت سوود لە ئەزموونی ئەم یاریزانە وەربگرێت، لە بەرانبەردا هەردوو یاریزان (رێبوار نەجمەدین، نەوزاد شێرزاد) لە تیپەکە دوورخرانەوە.

دوای تەواوبوونی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەرگای گواستنەوەی زستانە بۆ یانەکانی کوردستان بکاتەوە بەمەبەستی پتەوکردنی تیپەکانیان، لەم قۆناغەدا هەندێك یانە سوودیان لێوەرگرت و هەندێکی دی نەیانتوانی سوود وەربگرن، لەم هەفتەیەدا تەنیا تیشك دەخەینە سەر یانەکانی شاری هەولێر، کە تا چەند سوودیان لە گواستنەوەی زستانە وەرگرتووە.

# ماركۆ ریۆس لە نێوان ئەرسنال و ریال مەدریدا

بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانیەكان ئەستێرەی یانەی برۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ماركۆ ریۆس دەیەوێت بڕواتە ڕیزی یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی لەبڕی یانەی ریال مەدرید. لەمبارەیەوە رۆژنامەی سپۆرت ئاماژەی بۆئەوەكردوە ئارەزووكردنی ئەو یاریزانە لەچوونی بۆ یانەی ئەرسناڵ لەگەڵ ئارەزووەكانی یانەكەی بەریەك دەكەوی، چونكە یانەی برۆسیا دۆرتمۆند پەیوەندیەكی باشی لەگەڵ ریال هەیە. هەروەها رۆژنامەكان جەختیان كردۆتەوە یانەی ئەرسناڵ نزیكبۆتەوە لەپێدانی مەرجی شكاندنی نرخی گرێبەستی یاریزانەكە لە بەرامبەر بەدەست هێنانی تواناكانی ئەو یاریزانە دوای ئەوەی لەگەڵ ئەرسن فینگەر گەیشتۆتە رێكەوتن. هەروەها رۆژنامەكان ئاماژەیان بۆئەوە كردووە خیسی رۆدرێگز كلیلی گواستنەوەی ریۆسە بۆ ریال، چونكە یانەی برۆسیا دۆرتمۆند لە لیستی داواكاریەكانی لەیانەی ریال هاتنی یاریزان خیسییە بۆ دەستبەردان بوون لە ریۆس بۆیانەی شاهانە.



# لەسەر گرێبەستەکەی نیمار.. کێشەکانی بەرشلۆنە بەردەوامە

دادگای ئیسپانیا بەهای راستەقینەی گرێبەستەکەی چوونی یاریزانی بەڕازیلی نیمار داسیلڤا بۆ یانەی بەرشلۆنە ئاشکراکرد کە بەپێی گرێبەستێك وەرزی ٢٠١٣ چووە ریزی ئەو یانەیە. لەمبارەیەوە رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی بڵاویکرۆتەوە نرخی چوونی یاریزان نیمار بۆ بەرشلۆنە زیاترە لە نرخی یاریزانی وێلزی گاریس بێل دوای راگەیاندن و ئاشکراکردنی نرخەکان. هەروەها رۆژنامەکە نووسیویەتی نرخی گرێبەستەکەی نیمار ٩٤ ملیۆن یۆرۆیە، هەرچەندە سەرۆکی پێشووی یانەکە لەکۆتاییدا رایگەیاندبوو نیمار تەنها بەبری ٥٧ ملیۆن یۆرۆ هاتۆتە ریزی یانەی کەتەلۆنی. لای خۆیەوە دادگای وەرزشی ئیسپانیا بانگهێشتی سەرۆکی ئێستای یانەکەو یاریدەدەری سەرۆکی پێشووی یانەکە جۆزیب بارتۆمیۆی کردوە بەتۆمەتی تێوەگلانی لەزۆر پێشێلکاری یاسایی لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکە، شایانی باسە یانەی بەرشلۆنە لە دوو مێرکاتۆی کڕینی یاریزانان راگیراوە بەهۆی پێشێلکاری لە کڕینی یاریزانە لاوەکان .



## ئەنشلۆتی بەهەر نرخێک بێت دی خیای دەوێت

راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کارلۆ ئەنشلۆتی مکووڕە لەسەر مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ گۆڵپارێزی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دێڤید دی خیا بۆ یانەکەی لەساڵی داهاتوو. لەمبارەیەوە رۆژنامەکانی ئیسپانیا رایانگەیاندووە یانەی ڕیال لە چاوەڕوانی بەکۆتاهاتنی ماوەی گرێبەستی گۆڵپارێز دی خیایە لەگەڵ یانەی شەیتانە سوورەکان کە بریارە لە٢٠١٦ بەکۆتا بێت بۆ ئەوەی یانەکە بەشێوەی فەرمی گفتوگۆ لەگەڵ ناوبراو ئەنجام بدات تا بیباتە ریزەکانی.
لەلایەکی ترەوە رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی روونیکردۆتەوە راهێنەری ریال مەدرید ئەنشلۆتی دووپاتیکردۆتەوە سوورە لەسەر ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ گۆڵپارێز دی خیا بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی کاسیاس لەدوای رۆیشتنی ئەو گۆڵپارێزە، چونکە کاسیاس پێشتر رایگەیاندبوو ئارەزوو دەکات تاقی کردنەوەی پیشەگەری داهاتووی لە خولی ئەمەریکا بێت.
شایەنی باسە چەند ئەگەرێك لەئارادایە بۆ چوونی ئەو گۆڵپارێزە بۆ یانەی ریال لەوانە چوونی گاریس بێل بۆ مانچستەر یونایتد لەبەرامبەر چوونی دی خیا بۆ ریال مەدرید .



